# سیستەمی فیدراڵیزم پێناسە و خوێندنەوەیکی مێژوویی

پارێزەر/ هەڵکەوت حیکمەت مەلاعلی
سوێد

فیدراڵیزم وەک ووشە لە زمانی لاتینیەوە وەرگیراوە بە واتای متمانە پێ کردن ئەم سیستەمە بە چەندین جۆر پێناسەی بۆ کراوە هەندێکیان پێیان وایە کە میتۆدێکە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان ناوەندو یەکە هەرێمەکاندا بە شێوازێکی دادپەروەرانە، یان پرۆسیسێکە ژمارەیکی زۆر رێکخراوی سیاسی جیابوو پێکەوە کار دەکەن بۆ چارەسەر کردنی کێشەهاوبەشەکانیان لە هەمان کاتدا پرۆسیسێکە بۆ کەم کردنەوەی دەسەڵاتی ناوەند و هەروەها گرەێنتی جۆری ئەو دەسەڵاتانەدەکات لە نێوان نیڤۆ سیاسیەکاندا و هەموو هەرێمێکی فیدراڵی مافی ئەوەی هەیە کە خاوەن دەستووری سەربەخۆی خۆی بێت یاسا دابرێژن و پەرلەمان و حکومەتی خۆیان هەبێت. خاسیەتێکی دیکەی ئەوەیە کە دیموکراسیە و هەموو نیڤۆ سیاسیەکان دەتوانن ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەکەن بە هاوڵاتیانی سنوورەی ناوچەکەیان هەموو یاساکانی گۆنجاوەن بۆ هاوڵاتیان و پارێزەری پلۆراڵیزمە لە نێو کومەڵگادا.

فیدراڵیزم لە رووی مێژووییەوە خاوەن مێژوویێکی دوورودرێژە  بە بۆچوونی هەندیک لە زانا ئەوروپییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی( بیبڵ ) یان سەردەمی فەرمانڕەوای ڕومانیەکان بە تایبەتی چاخەکانی ناوەڕاست و سەردەمی ڕێنسانس  کاتێک کە کەنیسە دەسەڵاتێکی گەورەو بەرفراوانی هەبوو لە ناوچەکەدا، بەڵام یەکەمین و مۆدێرنترین سیستەمی فیدراڵیزم لە لایەن ویلایەتەیکگرتووەکانی ئەمریکا لە سالی    (  1787  ) بە بەشداری سیانزە لەو یەکە  هەرێمانەی کە پێشتر ئۆتونومی بوون لە فلادلفیا یەکەم کۆبونەوەی خۆیان گرێدا وە بە  خواستی هەموو بەشداربووەکان دامەزراندنی ئەم سیستەمەیان ڕاگەیاند، بە بەرجەستە بوونی ئەم نیزامە هەرێمە فیدراڵیەکان هەستیان بە دڵنیاییەکی زیاتر دەکرد لە بووارەکانی  سیاسی، سەربازی، وە گرنگترینیان بوواری ئابووری بوو. ئەگەر چی ئەمرۆکە ئەمریکا خاوەن پەنجا ویلایەتە وە بە سێهەم ووڵات دەێت لە جیهاندا لە ڕووی بوونی نەتەوەوە  وە لە ڕووی ئایینەوە لە سەدا  (52 ) ئایینی پروتستانت یان هەیە وە لە سەدا( 25،5 ) ئایینی کاتۆلیک  یان هەیە ئەمە بە پێ ئاماری سالی 2001 . ئەمریکا ئەمڕوکە خاوەن سیستەمێکی فیدڕالی ڕئاسیێە لە گەل دوو سیستەمی مەجلیسی کە بریتین لە یەکەمیان کۆنگریس واتە ئەنجوومەنی نۆێنەران کە لە لایەن هاوڵاتیانەوە هەڵدەبژێرین بۆ نۆێنەرایەتی کردن دووەم سیناتی  ئەمریکیە کە هەر هەرێمیکی فیدراڵی بە دوو نۆێنەر بەشداری دەکات،وە هەر هەرێمێک دادگای خۆی هەیە لە گەل بوونی دادگایەکی باڵادەستی فیدڕالی کە بەرزترین مەرجەعە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە ئیلغای هەر یاسایەک بکات کە لە بەرژەوەندیدا نەبێت وە چارەسەر کردنی هەر کێشەیک کە ڕوبەروی دەستوور دەبێتەوە،لەم ڕەووە  ویلایەتەیکگرتووەکانی ئەمریکا  بە پێشەنگی داهێنانی ئەم سیستەمە دێت چونکە توانیویەتی سیستەمی فیدڕالی بە میتۆدێکی مەدەنیانە و ئەکتیڤ بیهنێتە واری پراکتیزەکردنەوە.

## ئەوروپا و فیدڕالیزم

پاش جەنگی جیهانی دووەم لە زۆربەی ووڵاتانی ئەوروپی جۆرەها بزۆتنەوەی فیدراڵیستی بەدەرکەوت ئەم بزۆتنەوانە لە لایەن خەلکانی شارەزاو بە توانای سیاسی نێو کومەڵگەی ئەوروپی  سەرپرشتی دەکرا گرنگترین ئامانج یان بەربەست کردن وخۆپاراستنیان لە قەیرانی دووبارە نەبوونەوەی جەنگێکی نۆی بوو ئەوان گەشتەبوونە دەرئەنجامی ئەوەی کە ئەمە تەنها شێوازێکە کە گرەێنتی پرۆسەی ئاشتی و هاریکاریە ئابووریەکان دەکات لە ئەوروپادا بۆیە باوریان وا بوو کە دەبێت یەکێتیەک دابمەزرێنن و یەکەم کوبۆنەوەیان لە 15 تاوەکو 22 سێپتەمبەری 1946 گرێدا  لە نێوان هەڵگرانی ئایدیای فیدراڵیزم و چواردە ووڵاتی دیکە لەم کۆبوونەوەیدا هەستان بە دانانی پرۆگرامێکی  هاوبەش پاشان بە ماوەیکی کەم دووەم کۆبوونەوەی خۆیان بەست لە لۆکسمبۆرک  و لایەنگرانی بزۆتنەوەی فیدراڵیزم ڕولێکی کاراو پۆزەتیڤیان بینی و بڕیار دەرا بە تێکرای دەنگ کە سکرتاریەتێکی

ئەوروپی هەمیشەیی جێگر بکرێت لە پاریس وە سکرتاریەتێکی جیهانیش لە نیۆیورک  بۆیە یەکێتی ئەوروپای فیدرڕالیزم  لە 15 تاوەکو 16 دێسەمبەری سالی1946 لە پاریس دامەزرا، ئەرکەکەیشی لە سەرەتادا ئەکتیڤ کردن و رێکخستنی ئەو بزۆتنەوە فیدرالیانە بوو لە ناو ئیتحادیە بۆنیادنراوەکەدا وە بریاریان دا کە بارەگای سەرەکی لە سویسرا بێت. وە  ئەلکساندرامارس کە کەسایەتێکی سەربەخۆی فیدرالی بوو وە لە سالی 1904 دا لە دایک بوو بوو کرا بە یەکەم سەرۆکی سکرتاریەتی ئیتحادیەکە . ئەم رێکخراوە توانی لە ماوەێکی کورتدا یەکەم کۆبوونەوەی نیودەولەتی خۆی لە ئەمستردام لە مانگی چواری 1947 گرێ بدات و کار بکات بۆ بەدیهێنانی یەکەم کۆنگریسی ئەوروپی لە  مونتروکس لە ئابی 1947  ئەم کۆنگرەیە گرنگی تایبەتی خۆی هەبوو لەو کاتەدا چونکە کۆبوونەوەکە دەرئەنجامی باشی لێکەوتەوە لە بووارەکانی  ئابووری هاوبەش و سیاسەت بە گشتی وە دروست کردنی کۆمەلەێکی بەرگری هاوبەش وە بە دیکۆمێنت کردنی کۆنگرەکە کە بووە سەرۆەریەک لە مێژووی فیدرالیزمی ئەوروپادا، لە کۆنگرەیەدا شازدە وولات بەشداریان تێدا کرد لە نمونەیان... ئەلمانیا،نەمسا ،هۆلندا،بەریتانیا،ئیتالیا،فرنسا،بەلجیکا، لۆکسمبۆرک،هتد. ئەمرۆکەش نزیکەی شەست سال بە سەر لە دایک بوونی یەکەم سیستەمی فیدرالی ئەوروپادا تێ دەپەرێت لە گەل ئەوشدا وولاتانی ئەوروپی ئەمرو خاوەنی ئیتحادیکی ئەوروپی بەرفراوانن. ئەمرو 26  دەولەتی ئاست بەرز سیستەمی فیدرالی پەیرەو دەکەن لە  نێویاندا عیراق نۆییەو چوەتە خانەی وولاتانی فیدرالی کە ئەمەیش رێژەی لە سەدا 40  دانیشتوانی جیهانە . عیراقی نۆی ئەمرو بە قۆناغێکی هەستیار و ناسکدا  تێ دەپەرێت کە ئەویش نووسینەوەی دەستووری هەمیشەییە چونکە ئەم  دەستوورە دەبێتە بناغەیک بۆ پێکەوە ژیانی سەرجەم نەتەوەکانی نێۆ عیراق لەم دەستوورەدا دەبیت مافە بنەرەتیەکانی هەر نەتەوەیەک بە شیوەێکی روون ئاشکرا بەچەسپێت تیدا بۆ ئەوەی دەستوورێکی شەرعی و یاسای بێت هاولاتیانی نێۆ ئەم نیشتمانە بە هەموو چین و تۆێژەکانیەوە دەبێت یەکسان بن لە مافەکانیاندا بە بێ جیاوازی رەگەزی ، ئایینی،یان کەلتووری ،هەروەها دەبێت لەو دەستوورەدا گرەێنتی پرنسیبی مافەکانی مروڤ بکرێت.لە نووسینەوەی ئەم دەستوورەدا گەلی عیراق بە گشتی کەسایەتیە شارەزاکانی بوواری دەستوور یا خود رێکخراوە سیاسیەکان دە توانن سوود وەربگرن لە ئەزموونی ئەو وولاتانەی کە پەیرەوی سیستەمێکی دیموکراتی  فیدرالیانە دەکەن چونکە واقیعی سیاسی ئەمرو وادەخوازیت کە عیراق دەبێت بۆنیاد بنرێت لە سەر ئەساسی سیستەمێکی دیموکراتی فیدرالی تەعەدودی ئەمەیش تەنها مێتۆدێکە بۆ پێکەوەژیانی هەمووان، دەبێت ئەویش بزانین کە سیستەمی فیدرالیزم بە پێ واقیعی هەر وولاتێک دەگۆرەیت و واقیعی ئەمروی عیراقیش روونە کە لە دوو نەتەوەی سەرەکی جیاواز پێکهاتەوە ،دوو نەتەوە کە رەگەزی جیاواز  جۆگرافیای جیاواز زمانی جیاواز تەنانەت مێژووی جیاواز لە یەکتر جیایان دەکاتەوە بۆیە سیستەمی فیدرالی بە نسبەت گەلی کوردستان دەبێت لە سەر ئەساسی نەتەوەی و جۆگرافی مێژووی بێت وە دەبێت بە شێۆازێکی ئەکتیڤ کار بکرێت بۆ چەسپاندنی ئەو مافە نەتەوەییە لە نووسینەوەی دەستووردا بە بەرجەستە بوونی ئەم مافە نەتەوەییە ئەو ناوچانەی کە ئیستا لە سەر هەرێمی کوردستاندا نیە دەگەرێتەوە بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان.